له ٢٠٠٧/١٢/١١ به بۆنەی ٥٥ ساڵەی دامەزراندنیەوە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەیاننامەی خۆی ئاراستەی جەماوەر کرد.ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

## بەیاننامەی ساڵیادی دامەزراندنی (ی.ئا.ك)

سلاّویکی دادوەرانه....

له ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا، له ١٩٥٢/١٢/١١ له بارو دۆخێکی نالەباری سیاسی ئەو سەردەمەی کوردستاندا، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەیی و هێنانه مەیدانی ئافرەتی کورد، لەسەر فەرمانی باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد - بارزانی نەمر پێشنیازی دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کرا، لەم ڕۆژەدا یەکێتیەکەمان، لەکارو خەبات وتێکۆشان دەستبەکاربوو، بۆ بەرگریکردن له خواستەکانی گەلی کورد و داکۆکیکردن له مافەکانی ئافرەتان، هەردەم له پشتیوانیدا بووە.بۆ ڕێکخراوەکەمان و ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە له وەرچەرخانی هزری کۆمەڵگەی کوردی بەرامبەر بەو توندوتیژیانەی دژ به ئافرەت کراوە بۆ چەسپاندنی پێگەی ئەم ڕەگەزە لەناو کۆمەڵدا.

بەڕێزان....

مرۆڤ ،کەبەنرخترین بونەوەری ئەم زەمینەیە،کاتێك ئافرەتیش بەرهەمهێنەرو پەروەردەکەری بێت دەبێت چ پاداشت وڕێز و خەلاّتێك شایستەی بێت ؟! جگه لەو ئەرکه پیرۆزو گرنگه بەدرێژایی مێژوو هاوشانی مەینەتیەکانی پیاوبووە و لەگەڵ خەم وئازارەکانیدا ژیاوەو هاندەر بووە بۆ بەرەو پێشبردنی لەگشت بوارەکانی ژیاندا .

خۆشەویستان....

سەرەتای کار هەرچەندە گرانه،بەلاّم سەربەرزی و ئاسوودەیی لەدوایه ،ئەوڕۆ له کوردستانی ئێمەدا بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، لەسایەی خوێنی شەهیدەکانمان بوارێك بۆ ئازادی بیروڕاو کارکردن ڕەخساوە، به شانازییەوە دەتوانین بڵێین، له هەندێك ئافرەتی ولاّتان باشترین و ڕێژەیەکی باشمان له پەرلەمان و حکومەتدا بەشدارن ،لەمەش خۆشحاڵترئەوەیە، که خۆیان ئازادانه، بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان هاتوونەته مەیدان بۆ نەهێشتنی دیاردە دزێوەکان،له هەمانکاتدا بەرەیەکی گشتگیری تێکوشان لەئارادایه بۆ نەهێشتنی تیرۆر، که ئافرەت خۆراکی ئەو پرۆسه گلاّوەیه و کاردەکرێت بۆ لەناو بردنی .ئەوەی پێویسته بکرێت ئەوەیه،که هەوڵ و تەقەلای ئێمەی ئافرەتان بەو ئاراستەیه بێت که پیاوان کەمەرکێشی سەنگەری خۆمان بکەین نەك ،له سەنگەری بەرامبەر دابینێین .

هەر، لەم یادە مەزنەدا و داگیرساندنی (٥٦) مین مۆمی تەمەنی (ی.ئا.ك) دوپاتی دەکەینەوە ،که دروشممان دروشمی دادوەری و یەکسانی و بەرگری کردنه له مافەکانی ئافرەت و زانستی گەیاندنه له بوارە ژیانیەکاندا.

ئەرکی سەرەکیمانه بایەخێکی زۆر مەزن بدەین به پێگەی ئافرەت له کوردستاندا و هەمیشه له هەوڵدانداین بۆ کەمکردنەوەو بنبڕکردنی ئەو ئاریشه کۆمەلاّیەتیانەی دەبنه بەربەست لەبەردەم ڕێگه گرتن و پێشکەوتنی تواناکانی ئافرەتان .

.بەم بۆنه پیرۆزەوە سەری ڕێزو نەوازش بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەم ڕێبازە دادەنەوێنین و جوانترین و ناسکترین پیرۆزباییی، له ئافرەتانی چوارپارچەی کوردستان و دایکان و خێزانی شەهیدان دەکەین و هەردەم له خزمەتی ئێوەی به ئەمەك و ستەمدیدەی گەلەکەمانداین.

**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان**

**مەکتەبی سکرتاریەت**

**٢٠٠٧/١٢/١١**